کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-7-2007 19:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەیادی ئەو ئێوارەی پڕبوو لە خۆشەویستی ... زیاد نادر عاڵالیی**

ئەم شیعرە پێشکەشە بە ئێوارەی ڕۆژی 2007/7/13.

ڕووبارێك، ڕووە و چەمێك و
بەهارێك، ڕووە و باخێك و
قەێیدەیەك، ڕووەو شیعرێك و
پۆلەپریشۆلەیەك، ڕووە و درەختێك سەری خۆی هەڵگرت.
ڕووبار و بەهار و قەێیدە و پۆلەپریشۆڵەکە، حەزیان دەکرد چەم و شیعر و باخ و درەخت بە ڕەنگی ڕۆمانسیەت و سیحر و عشق و جوانی برازێنن!!
شاعیرێك تەڕتر لەباران و ..
ناسکتر لەپەڕسێلکە و ..
عاشقترلەپەرەندەیەکی خومار، ڕووە و پەرستگەیەك..
ئاتەشگەیەك..
هەنگاوی نا،
تا فریشتەیەك..
تریفەیەك..
شەتاوێك..
سروەیەك.. بینایی پڕ ڕۆشنایی و ..
هەناسەی پڕ فێنکایی و .. ڕۆحی پڕ ڕەنگ بکات.
ئای ی ی کە ئێوارەیەکی پڕچرپە و شیعر و شەکر و پەرستن و تاسە و پەرۆشی و عیشق بوو!!
ئای ی ی کە ئێوارەیەکی لێوڕێژی گوڵ و خۆشەویستی و ئەوین و هومێد وخەون بوو!
ئێوارەیەك بوو.. جیا لە ئێوارە و خۆر ئاوابوونەکانی تر..
پاساری، لەرۆژانی دی ناسکتر دەیچریکاند..
کەناری، لەڕۆژانی دی شیرینتر سەمای بۆ شاژنی زەردەپەڕ دەکرد..
خۆر، بەنازەوە پەنجەی لە پەنجەکانی بووکی ئێوارە و سرووشت دەکردەوە..
ئێوارەیەك بوو.. پەروانە کوڕێك بە عیشقەوە لە دەوری ڕۆحی هەولێرە کچێك دەسووتا و چریکەی ئاشنایەتی و دڵبەستەیی بۆ ژاوەکانی دەچڕی..
ئێوارەیەك بوو.. عەنبەر خاتوون چەپکی گوڵی نەرگزی دڵدزی بۆ بیرەوەری عیشق و تەمەن لە ئینجانەی دەستی شاعیرێکی جوان پەرست دانا..
ئێوارەیەك بوو.. سروە زینێك، بە پەنجەناسکەکانی پڕ بە سۆزی ڕۆحی ئاگرینی ڕووبارێك لە شەکر و شەرابی خۆشەویستی ڕژاندە ڕوحی شاعیرێکی ژن پەرستی دڵ پڕخەون.
ئێوارەیەك بوو.. هەولێر لە سایەی پێکگەیشتنی لەیلا و مەجنون لە کیژێکی چاو پڕ کلی بەژن گوڵی هەناسە پڕ عیشق دەچوو!!
کە بەیەك گەیشتین، تۆ لەدەمت نەرگزو،
لەچاوت کلی عیشق و،
لە سیمات ئاونگ و،
لە ڕەوتت ناز و شەککەر و،
لە ڕوانینت تریفە و،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە پێکەنینت جریوە و،
لە نیگاتا مرواری نووری خودا دەباری!!
لە هەناسەکانی منیش شیعر و شەراب و گوڵ و تریفە و بەفر و ئاگر دادەچۆڕا..
لەم ئێوارە پڕ عیشقەدا،
ئێمە وەکوو دوو چەمی سەرشێتی پڕ لە حەز و
دوو ڕووباری هەڵپەداری پڕ پەرستن و پەرۆشی و
دووبەهاری نەشئەداری تەژی نەشئەو ناسکی و
دوو گڕکانی پڕ سووتانی فوارەگرتووی بی ئاسوودەگی و
دوو دەریای لێورێژی هاژەی سەرشێتی و
دوو درەختی سەماسازی پڕ گوڵ و گەڵای تاسەو حەز بووین.
لەم ئێوارە پڕ سووتانەدا،
ئێمە وەکو دوو نەورەسی عاشق و مەعشوق، لەنێو ئۆقیانووسی ئاشنایەتی
تا ئەوپەڕی تێنوویەتی مەلە و سەمای ئاخافتنمان دەکرد..
وەکو دوو عاشقی ماندوو،
لە نسێگەی نیگاکانی یەکا،
کڕنۆشی نوێژی عەشقێکی قووڵ و پڕ سەرمەدییمان دەبرد.
لەم ئێوارە پڕ خۆشەویستی یەدا،
ئەمن، شیرینی دەستی شیرینێکم چەشت،
تا بۆ ئەبەد لە بێستوونی دڵیدا قولنگ وەشێنی عەشقی بم.
ئەمن، سێوی دەستی حەوایەکم خوارد،
نە فریوی دام..
نە شاربەدەری کردم..
بەڵکو سێوی عەشق و
سێوی لەززەت و
سێوی ئاوێتەبوون بوو!!
نا.. ناتوانم لەززەت و ڕۆمانسیەت و خۆشاوی ئەو ئێوارە لەبیر بکەم..
هەموو ڕۆژی هەزاران جار هەربەخەیاڵ،
سەر لەماڵی ئەو ئێوارە پڕ گوڵ و گوڵاو و شیلە و شەکراوە دەدەم!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.